# عەدنان کەریم و نغرۆبوون لەنێو ڕەسەنایەتی دا

سڤیل سالار جاف

هونەرمەند عەدنان کەریم، دەمێک نامەبەری نەسیمەکەی نالی و ساتێک چامەکەی سالم دەگەیەنێتەوە بەنالی و ئەو تۆزی غوربەتە دەتەکێنێت، کە سیما و روخساری پیرە نالی تاراوگەنشین لەئاهی دووری شارەزووردا لەکۆڵناوە، عەدنان کەریم ئەوە نەبێت تەنیا لەرووی رەسەنایەتی و فۆلکلۆر ئاوڕی لەهونەری میللەتەکەی دابێتەوە، ئەوەتا لەهەنسکە شێدارەکەی بۆ هەڵەبجە و کۆڕەو و نەهامەتی گەلێک دەدات بەگوێی دنیادا، گەلێک کە لەتاو دڕندەیی دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر رێگەی سنورە سارد و دوورەکانی قەراخی نیشتمان دەبڕن، عەدنان لەوکاتەدا لایلایە بۆ کۆرپە بێ لانکەکانی کۆڕەو و جەستە رەقبووەکانی دەستی خەردەلی هەڵەبجە دەکات و روو لەخودا دەکات "خودایە خۆت دەزانی چەندە زۆرە، لەسەر دڵم ئێش و زامی هەڵەبجە".

هونەرمەند مەزهەری خالقی، کە بەمامۆستا و شارەزایەکی بواری موزیک و گۆرانی کوردی دەناسرێت، دەڵێت "تاکو هونەرمەندێکی وەک عەدنان کەریم هەبێت، گوناهە بڵێین هونەری کوردی لەقەیراندایە". بەڵام بۆ ناسینی وەها هونەرمەندێک دەبێت سەرجەم لایەنەکانی هونەری ئەو هونەرمەندە لێکبدەینەوە، ئەوکات دەتوانین بڵێین گوزەرێکی راستەقینەمان بەناو نهێنییەکانی ئەو هونەرمەندە کردووە.

مانگی رابردوو لەماوەی گەڕانەوەکەی بۆ کوردستان، رێکخراوی هەناسە خەڵاتی رێزلێنانی بەئامادەبوونی چەندین رێکخراو و روناکبیر و سیاسەتمەدار و هونەرمەند لەشاری سلێمانی بەخشیە عەدنان کەریم، ئەگەرچی کارێکی لەمشێوە ناتوانێت ببێت بەپێوانێک بۆ هەموو ئەو کارە هونەرییەکانی عەدنان کەریم، بەڵام وەک عەدنان خۆی دەڵێت "بۆ من کارێکی گەورە بوو، ئەو گەنجانەی گۆرانی منیان دەگوتەوە و ئەو خەڵکەی کە ئامادەبوو وایکرد ئەو هەستەم لادروست بێت، کە ئەو هونەرەی پێشکەشم کردووە بەروونی گەشتووە بەجەماوەر و ئەوانیش هونەرەکەی منیان قبووڵە". لەوێوە کاتێک بەدەنگی سیڤان عەباس سێ گۆرانی و مەقامێکی خۆی دووبارە گوێبیست بووەوە، ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی سڕیەوە، کە کەوتنە سەر رومەتەکانی سیڤان، ئەوەش ئەو نهێنییەی عەدنانی دەدرکاند، کە چەند دڵخۆشە توانیویەتی ببێت بەهۆی دروستبوونی چەندین گەنجی وەک سیڤان.

### عەدنان و هونەرەکەی جوانترین هونەری کوردین

هەر لەو مەراسیمەدا، کە بۆ ڕێزلێنان لەدەنگی عەدنان کەریم سازدرا بوو، هیوا ئەحمەد مستەفا بەرپرسی لقی چواری پارتی لەسلێمانی، وتارێکی پێشکەشکرد، بەڵام وتارەکەی ئەو کەمتر لەوتاری کەسێکی



کۆنسێرتی هونەرمەند عەدنان کەریم لە هەولێر ........ فۆتۆ: هەردی هەورامی

سیاسی دەچوو، ئەو وتارەکەیدا گوتی "عەدنان و هونەرەکەی جوانترین هونەری کوردین، عەدنان کەریم دەڵێی راپرسی کردووە لەناو دڵی ئێمەدا، چونکە هەموو ئەو ئاواز و گۆرانییانەی هەڵیدەبژێرێت پانتاییەکی گەورەیان لەناو دڵماندا داگیر کردووە".

**بەرگدرووێکی شارەزای شیعری کلاسیک**

هونەرمەندی شانۆکار یاسین قادر بەرزنجی، هاوکات هاوڕێیەکی نزیکی هونەرمەند عەدنان کەریمە و لەلێدوانێکی بۆ (سڤیل)دا دەڵێت "عەدنان کەریم لەنەوەی خۆیدا بۆ ئاسمانی هونەری کوردی ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە، بڕواناکەم هیچ گەنجێکی ئەمڕۆ بە وێنەی کاک عەدنان سەرقاڵی ئاواز و گۆرانی بێت، ئەو هونەرمەندێکە دەزانێت چۆن هەناسە گەرمەکانی دەسپێرێتە گوێی ئاشقانی گۆرانی و ئاوازەکانی". یاسن قادر پێیوایە زەمینەی پتەوی کارەکانی عەدنان کەریم بەتەنیا ئاواز چڕین نییە، بەڵکو هێنانەوە ئارای ئەو شیعرانەیە، کە لەویژدانی نەتەوەیی و رۆشنبیری ئێمەدا چرایەکی هەڵکراون، بۆیە دەزانێت چ بەرگێک دەکات بەبەری شیعری کلاسیکی و نوێی کوردی، هەروەها گوتیشی "ئەوەی عەدنان کەریمی ناوازە و دەگمەن کردووە ئامادەبوونی بەرچاوێتی لەدنیا رەنگاڵەییەکەی ئاوازی کوردیدا".

**ژەنەڕاڵی پایز و عەدنان کەریم**

مامۆستا محەمەد عومەر عوسمان، یەکێکە لەشاعیرەکانی کورد و بە "ژەنەڕاڵی پایز" ناسراوە، لەبەرئەوەی هەموو شیعرەکانی لەنەوای پایزدا بەخاک سپاردووە، ژەنەڕاڵی پایز کە زۆربەی گۆرانیبێژەکانی کورد شیعری ئەویان کردووە بەگۆرانی و عەدنان کەریمیش یەکێکە لەو هونەرمەندانە، بەڵام جیاوازتر لەهەموو ئەوانی دی و ژەنەڕاڵ خۆی لەکلیپەکەی عەدنان کەریم خۆی بەرجەستە کردووە، لەوبارەیەوە ژەنەڕاڵ دەڵێت "عەدنان کەریم جێگەی بەرچاو و کاریگەری هەیە لەگۆرانی کوردی، وەک رێزێک و پێشکەشکردنی خۆشەویستیم بۆ عەدنان کەریم و داواکاری زیرەک میرە، ئامادەبووم لەکلیپەکەیدا بەشداری بکەم، چونکە من لەوە ناسراوترم بمەوێت لەڕێگەی کلیپەوە خۆم بەخەڵک بناسێنم، پێشتریش لەچەند شوێن داوام لێکراوە، کە رۆڵی سینەمایی بگێڕم، بەڵام نەمکردووە"

**دەنگێکی ئارامبەخش**

سامان سیوەیلی، توێژەری دەروونی و بەرپرسی سەنتەری راوێژکاریی خێزان لەسلێمانی، هێما بۆ ئەوە دەکات، لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هەندێک چارەسەری دەروونی هەیە، کە تەنیا لەڕێگەی مۆسیقا و گۆرانی دەکرێت، "چونکە هەندێک دەنگ هەیە ئارامیت پێدەبەخشن، کە بەداخەوە لەکوردستاندا ئەو چارەسەرە نییە". ئەو توێژەرە دەڵێ جۆرێک کۆدەنگییەک هەیە لەناو پسپۆڕە دەروونییەکاندا، کە دەنگی عەدنان کەریم و مامۆستا مەزهەری خالقی لەو دەنگانەن ئارامی بەدەروونی مرۆڤ دەبەخشێت، سامان سیوەیلی ئەوەش دەڵێت "چۆن هەست بەجیاوازی لەنێوان گوڵێکی سروشتی و گوڵێکی نایلۆندا دەکەین لەرووی ئیحساس و بۆنەوە، بەمشێوەش جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان دەنگێکی رەسەن و سروشتی وەک عەدنان کەریم و دەنگێکی دیکە، کە بەکۆمپیتەر دەستکاری کرابێت، ئێمە بەچەندین سەعات بەدیاریەوە گۆرانییەکانی عەدنان کەریم دادەنیشین بەدەروونێکی ئارامەوە".

**"وەفایی" پڕفرۆشترین بەرهەمەکانی ئارۆ**

دوو مانگی رابردوو تازەترین ئەلبوومی هونەرمەند عەدنان کەریم بەناوی "وەفایی" بڵاوکرایەوە، کە لە ٨ تراک پێکهاتووە و هەموو ئاوازەکانی جگە لەدانەیەکیان، کە هی ناوچەی هەورامانە لەلایەن خۆیەوە دانراون، بەرهەمەکە کە بەسپۆنسەری کۆمپانیای ئاسیاسێل، لەلایەن ناوەندی ئارۆ بڵاوکرایەوە، لەوبارەیەوە سیروان قادر بەڕێوبەری هونەری ناوەندی ئارۆ دەڵێت "لەو تیراژەشی کە چاپمان کردووە ٨٠٪ تەواو فرۆشراوە و ماوەیەکی دیکە چاپی دووەمی دەکەینەوە، هەرچەندە ماوەیەکی کەمە ئەلبومەکەی عەدنان کەریم خراوەتە بازاڕەوە، بەڵام بەبەراورد لەو بەرهەمانەی کە لەسەرەتای ئەمساڵ خستومانەتە بازاڕەوە هێشتا بەرهەمەکەی عەدنان کەریم پڕفرۆشترین بەرهەمی ئەمساڵی ئێمەیە".

